

# کۆمپیوتەرێکی بچووک و کارابیەکی زۆر

سوود لێوەرگرتن و بەکارهێنانی کۆمپیوتەری سەرمێز واتە دیسـکتۆپ بەرەبەرە بەرەو کەمی دەچێت، چەنـد هۆکارێك هەن کـە وایانکردووە کۆمپیوتـەری سـەرمێز وەك جـاران بایەخـی خـۆی نەمێنێت، وەك زۆربوونـی کۆمپیوتەری لاپتـۆپ، داهێنانـی کۆمپیوتـەری تەبلێت و مۆبایلـە هۆشـمەندەکان و سـوود وەرگرتن لە هاردی مەجازی ناو ئەنتەرنێت. لەم دواییەدا بۆ ئەوەی کە کۆمپیوتەری دیسـکتۆپیش بایەخی یەکجاری خۆی لە دەست نەدات، بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەری هەوڵیانداوە قەبارەی و بارسـتایی کۆمپیوتەری دیسـکتۆپ بچووك بکەنەوە، وەك داهێنانەکەی کۆمپانیای Xi3 کە کۆمپیوتەرێکی دیسـکتۆپی قەبارەکەی بچووکە و کاراییشی لە کۆمپیوتەرێکی قەبارە مەزن زیاترە یان لەئاستی ئەودایـە. کۆمپیوتـەری جـۆری X5A ئەو کۆمپیوتەرە بچووکەیە کە وێنەکەی لێرەدا دەبینن، خێرایی لێکدانەوەی 1.8 گیگاهێرتزە، رامەکەی دوو گیگابایتە، کۆمپانیـای ناوبراو لە هەوڵی ئەوەدایە کۆمپیوتەرێکی دیسـکتۆپی باشتر لەوە بەناوی X7A بەرهەم بێنێت کە بە کەڵکی ئیدارە و شوێنە گرنگەکان بێت.

# سکاینەرێکی بچووک لە سک‍ـــــــــ

بچووك کردنەوەی قەبـارەی ئامێرە دیجیتالییەکان وای کردووە کە بەکارهێنەرێکی زیاتریان هەبێت و هەڵگرتن و راگواستنیان ئاسانتر بێت.

ئەوانەی شـارەزای بواری کۆمپیوتەرن، دەزانن کۆمپیوتەر چەندین ئامێری لاوەکیشی هەیە وەك سـکاینەر و پرینتەر...تـاد. گرفتێك کە لـە ئامێرە لاوەکییەکاندا هەیـە ئەویش ئەوەیە راگواستن و هەڵگرتنیان ئاسان نییە، بۆ نموونە ناکرێت پرینتەرێك لە گیرفان بخەیت و بۆ هەر شوێنێك بیبەیت، یان سکاینەرێك لە جانتاکەتدا جێگای بکەیەوە.

کۆمپانیـای sky pix هەوڵیداوە سـکاینەرێك بەرهەم بێنێت کـە قەبارەکەی بچووك بێت، بەجۆرێك بەکارهێنەرەکەی بتوانێت لە جانتاکەیدا جێگای بکاتەوە. سـکاینەری جۆری N410

# کامێرای دیجیتال لە ئەنگوستیلەدا



سـەردەمی پێشـکەوتنی جیهانـی دیجیتالـی ئەگەرچی ژیانی ئاسانکردۆتەوە و هەلێکی زیاتری بۆ مرۆڤ رەخساندووە، بەڵام دەبێ بڵێین جێی داخە زۆر کەس لەم تەکنەلۆژییە نوێیە بەمەبەسـتی خراپ کەڵك وەردەگرێت. زۆر جـار باسی ئامێرێکی دیجیتالیمان کردووە کە بەمەبەستی سیخوڕی سوودی لێوەردەگیرێت، وەك کامێرا لە دوگمەی کراسدا، کامێرا لە کاتژمێردا، کامێرا لە مەدالیای سویچی ئۆتۆمبێلدا...تاد. ئەم کامێرایەی کە ئێسـتا وێنەکەی دەبینن، ئەنگوسـتیلەیەکە وەك هەموو ئەنگوسـتیلەیەکی دی و لـە پەنجە دەخرێت. نەقیمی ئەنگوسـتیلەکە چاوی کامێرایەکی دیجیتالییە، کە بە کامێرای جۆری Camer-ing ناسـراوە، کامێرا دیجیتالییەکە هەم وێنـە دەگرێت و هەم فیلم هەڵدەگرێتـەوە. هەرچەندە کوالیتی فیلم و وێنەکانی سەر کامێراکە بەهێز نین، بەڵام کۆمپانیای بەرهەمهێنەری بەڵێنی داوە لە داهاتوودا کامێرای لەم شـێوەیە بە دیزاین و کاراییەکی بەهێزترەوە بێنێتە بەرهەم..






## ـــــای پیکسەوە

هەروەك وێنەکـــەی دەبینن، قەبارەکەی بچووکە و هەڵگرتنی ئاســـانە و دەتوانێت هەموو شـــتێك بۆ نموونە بەڵگەنامەکان، کارتی ویزیت، وێنە و گۆڤار و رۆژنامەکان بەبێ کۆمپیوتەر ســـکان بکات. هەروەك ئاماژەی پێدرا ســـکاینەرەکە بەبێ کۆمپیوتەر و راستەوخۆ ئەوەی مەبەستتە سکانی دەکات و لە هاردی ناوخۆیدا کە میمۆری کارتێکی جۆری micro SDیە هەڵدەگرێت. دەتوانیت بە دانانی میمۆرییەکە لەسەر مۆبایل هەر ئەو کات مادە ســـکان کراوەکە ببینیت، یان بیخەیە سەر کۆمپیوتەر، سکاینەرەکە وزەی خۆی لە باتری وەردەگرێت کە هەتا سکانکردنی 180 لاپەڕە وزەکەی دانابەزێت.

## بە مۆبایلەکەت دەرگای ماڵەوەت دابخە

جیهانی دیجیتالی نوێ گەیشـــتە کلیلی قفڵی دەرگای ماڵەوەش! ئەگەر لە بەکارهێنانی قفڵ و کلیل و شـــێوازی کردنەوە و داخستنی دەرگای ماڵەوەت بێتاقەت بوویتە و بەدوای بابەتی نوێتردا دەگەڕێیت، ئەوە دەکرێت سوود لە تەکنەلۆژیای Lockitron وەربگریت کە قفڵێکی بەبێ هیچ کلیلێك بەرهەم هێناوە کە دەکرێت لە ریزی ئەمنترین قفڵی جیهان دابندرێت.

قفڵەکـــە تەنیا لە رێـــگای مۆبایل یان تەبلێتەوە دادەخرێت، بەهۆی سیســـــتەمی بێ وایەری بلوتوس4 یا wi-fi و تەنانەت سیســـــتەمی پێشکەوتووی NFCیش مۆبایل یا تەبلێتەکەت لەگەڵ قفڵەکە پەیوەندی دەبێت، قفڵەکە بەتەواویش گوللەنەبڕە و بە زەربەی زۆر قورسیش تێکناچێت. هەر ئەوەندە بەسە کە مۆبایلەکەت لە قفڵەکە نزیك بکەیەوە ئیدی بە ئاسانی دەبێتەوە. لەهەمووی گرنگتر دەکرێت لە رێگای دوورەوە دەرگای ماڵەوەت بکەیەوە، خودی قفڵەکە هەستەوەرێکی بچووکی هەیە کە ئەگەر یەکێك لە پشت دەرگاکە بێت بەهۆی زەنگی مۆبایلەوە خاوەنەکەی ئاگادار دەکاتەوە. پرسیارێك لێرەدا دێتەپێش ئەگەر مۆبایلەکەت ون کرد چ دەکەیت؟ کۆمپانیای ناوبراو بیـــری لەوەش کردۆتەوە ئێوە دەتوانن بەهۆی ئەنتەرنێتەوە کە پێشتر ئەکاونتێکی تایبەت بە قفڵەکەت هەیە، دەکرێت سیستەمەکە لە کار بخەیت یان کۆدی نهێنییەکەی بگۆڕی، خاڵی ســـەرنجراکێش لێرەدایە ئەگەر یەکێك نیازی هەبێت دەرگاکەتان بکاتەوە، قفڵەکە کورتە پەیامێك بۆ خاوەنەکەی جا لە هەرشوێنێك بێت بەرێ دەکات و ئاگاداری دەکاتەوە.



## خێراترین ئۆتۆمبێلی کارەبایی لە جیهاندا

هەرچەندە ئەو فایلەی ئێمە تەرخانکراوە بە بابەتی IT و زیاتر ئامێرە دیجیتالییە تایبەتەکان دەگرێتەوە، بەڵام زانستی ئایتی هەر ئەوە نییە و ئایتی بەمانای زانیاری سەبارەت بە تەکنەلۆژیای سەردەم دێت، بۆیە جارجارە ناچارین باســـی نوێترین تەکنەلۆژیای سەردەم بکەین هەرچەندە دیجیتالیش نەبن وەك ئۆتۆمبێلی Nemesis کە خێراترین ئۆتۆمبێلی کارەباییە لە جیهاندا. ســـوود وەرگرتن لـــە وزەی جێگرەوەی وزەی کانزایی وەك مادە بەرهەمهاتووەکانی پەترۆل ماوەیەکە هەوڵی بۆ دەدرێت، لەم ماوەیەشـــدا هەوڵەکان چڕ بوونەتەوە و لە ئاکامدا بەرهەمهێنانـــی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بە وزەی خۆر یـــا وزەی کارەبایی کار دەکەن هاتوونەتە بەرهەم یان فڕۆکەیەکی تایبەت کە وزەکەی خۆی لە ئاوی دەریا وەردەگرێت. کێشـــەیەك لەو ئۆتۆمبێلانەی کە بە وزەی پەترۆڵی کار ناکەن ئەوەیە کە خێرایی و تواناییان کەمە، بەڵام کۆمپانیایەکی بەریتانی ئۆتۆمبێلـــی جۆری Nemesisی بەرهەم هێنـــا کە دەتوانێت 244 کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا بڕوات، ئەم هەوڵە سەرکەوتووانەش بۆ داهاتووی ئۆتۆمبێلی کارەبایی دڵخۆشییە.





# ئیمێل بۆ جیمێل رابگرە!




خزمەتگوزاری بەخشینی ئیمێل لە گوگڵدا کە بە gmail ناســراوە، خزمەتگوزارییەکی گرنگە، هەرچەنــدە مێژوویەکــی دێرینی نییــە، بەڵام خزمەتگوزارییەکانی لە گشــت ئەو ســایتانەی کە خزمەتگوزاری ئیمێلیان هەیە سەرکەوتووترە. راســتە یاهوو زیاترین راژەی بەشداربووانی هەیە لە ناردن و بەڕێکردنی ئیمێلدا، بەڵام نەیتوانییوە ئەو پایەیەی Gmail بەدەست بێنێت.

ئەگــەر نیــازت هەیە بەرگــری بکەیت لەو ئیمێلانــەی کە بە "ســپام" spam ناســراون، بۆ Gmailەکەت بێن، (ســپام بــەو ئیمێلانە دەگوترێت کە تەنیا مەبەستیان ریکلام کردنە و ئۆتۆماتیکــی بۆ ســندوقی ئیمێلەکەت دێت)، ئەگەر ناتەوێت وەڵامی ئیمێلەکانت بدەیتــە و وەڵامەکانیــان وەدوا دەخەیــت و دەتەوێــت ئیمێلەکان رێك بخەیت. ســەر لە ســایتی http://inboxpause.com بــدە و فایلێکــی زۆر بچــووك دابەزێنــە کە هەر بــەو ناوەیە. بەهۆیەوە دەتوانیت بە ئاســانی ئەو ئەرکانەی تایبەتن بە ئیمێــل لە جێمێلدا ئەنجام بدەیت. بەهۆی ئــەو پرۆگرامــە بچووکەوە بە ئاسانی دەتوانیت بە داگرتنی دوگمەی Pause بۆ ماوەیەکــی کاتی ئێملە نوێیەکان وەرنەگریت، هەروەها ئۆتۆماتیکی ئیمێلێك کە پێشتر ئامادەت کردووە بۆ خاوەن ئیمێلەکان بنێردرێت کە باس لەوە بکات لەوماوەیەدا ناتوانیــت وەڵامی ئیمێلەکان بدەیتەوە، بۆ ئــەوەی کە لایەنــی بەرامبەریش نەزانێــت کــە ئێمێلەکانی نەگەیشــتوون یان بە ئەنقەست پشتگوێت خستوون.

# چۆن سوکێتی USB لە ویندۆز دابخەین؟



زۆربــەی بەکارهێنەرانی کۆمپیوتــەر رەنگە وا هەســت بکــەن داتا و فایلــە گرنگەکانی ســەر کۆمپیوتەرەکەیــان تەنیا لــە رێگای ئەنتەرنێتەوە دەدزرێت یان لەوێوە دزە دەکەنە ناو کۆمپیوتەرەکەیان، ئاســانترین شێوە بۆ دزینی داتاکانی ســەر کۆمپیوتەر ســوکێت یان بە واتا کوردییەکەی کەلێنی USBیە.

گشت کۆمپیوتەرێك دوو یا سێ شوێنی دانانی فلاش میمۆری هەیە، کە بەدانانی فلاش میمۆری لە شوێنی USB بەئاســانی دەتوانی فایل لەســەر کۆمپیوتەر دابنێیت، یان فایلەکان لەســەر کۆمپیوتەر هەڵبگریت، زۆرجارانیــش بۆتــان هاتۆتە پێش کە لــە رێگای فلاش میمۆری هاوڕێکانتان کۆمپیوتەرەکەتان تووشی ڤایرۆس هاتووە. بەمەبەستی چارەسەرکردنی سوکێتی USB پرۆگرامێکی تایبەتی هەیە بەناوی Phrozen safa USB کە بەکارهێنانەکەی زۆر ئاســانە و ئەرکی پرۆگرامەکە ئەوەیە کە گشــت دەرگاکانــی USB لە کۆمپیوتەردا دابخــات بۆ ئەوەی کە هیچ فلاش میمۆرییەك هەتا ئەوکاتەی بەکارهێنەرەکەی حەز نەکات نەخوێنێتــەوە. پرۆگرامەکە چەندیــن فەرمانی گرنگ ئەنجــام دەدات وەك دەتوانیت تەنیا بابەتەکانی ســەر فلاش میمۆرییەکە بخوێنیتەوە و ببینیت و ناتوانیت کۆپیان لێهەڵگریت یان بیانسڕیەوە، لەوکاتەدا هیچ ڤایرۆسێك لە رێگای میمۆرییەوە دزە ناکاتە ناو کۆمپیوتەر.

یــان دەتوانیت بە تەواوی دەرگاکانی USB دابخەیت،کە لەوکاتەدا ناتوانیت بیکەیەوە و نە دەشتوانیت هیچ شتێك لەسەر میمۆرییەکە خەزن بکەیت.

# کۆمپیوتەرێک بۆ کاروباری بازرگانی



کۆمپانیای HP نوێترین کۆمپیوتەری خۆی بەناوی Elitepad900 بەرهەم هێنا کە کۆمپیوتەرێکی تەبلێت ئاسایە و سیستەمی ویندۆز8ی لەسەرە کە تایبەتە بە کاروباری بازرگانی، هەروەها بۆ راپەڕاندنی کار و ئەرکی گرافیکی و نەخشەسازی دەگونجێت.


کۆمپیوتەری ناوبراو نوێترین یەکەی لێکدانەوەی کۆمپانیای ئەنتەلی لەســەرە کە کە ئەو سیســتەمە نوێیە پێی دەگوترێت Clover Trail. بەهۆیــەوە دەتوانرێــت لــەو پرۆگرامانەی کە لەگــەڵ ویندۆز XP و هەتا ویندۆز8 سوودیان لێوەربگیرێت. ســتایل و دیزاینی کۆمپیوتەرەکە زۆر سەرنجراکێشــە، بارســتاییەکی زۆر تەنکی هەیە و هاردەکەی 64 گیگابایتــە. تایبەتمەندییەکی دیکەی کۆمپیوتەرە کەی HP ئەوەیە کە لەگەڵ هەموو سیستەمەکانی پەیوەندی دەگونجێت وەك NFC بلوتوس4، تۆڕەکانی وایەرلەیس، هەروەها تۆڕی G3. کۆمپیوتەرە تەبلێتەکە خاوەنی دوو کامێرایە ئەوەی پێشــەوە دوو میگاپیکسلە و ئەوەی تریان 8 میگاپیکسلە.

# کۆمپیوتەرێک بۆ سێ کارمەند



کۆمپیوتـــەری جۆری دیســـکتۆپ بەهۆی بەهێزی و پتەو بوونی لە ئاســت زەربـــە و درەنگ تێکچوونی هەروەك کۆمپیوتەری کارو ئیدارە ســـوودی لێوەردەگیرێت، کۆمپیوتـــەری جۆری لاپتۆپ زیاتر بۆ راپەڕاندنی ئەرکی تاکەکەســـە، ئەگینا بۆ ئیدارە و نووسینگە و کاروباری رۆژنامە و ئەرکی بانکەکان و زۆر ئەرکی دیکە تەنیا کۆمپیوتەری جۆری دیســـکتۆپ دەتوانێت ئەرکە دژوارەکان ئەنجام بدات. کێشـــەیەك کە لە کۆمپیوتەری جـــۆری دیســـکتۆپدا هەیە ئەوەیە کە دەبێت هەر کارمەندەی کۆمپیوتەری خـــۆی هەبێت ئەمەش دەبێتە هۆی قەرەباڵغییەکـــی زۆر لە شـــوێنی کاردا. کۆمپانیای Lenovo کە یەکێکە لـــە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی کۆمپیوتەر، دیســـکتۆپێکی بە ستایلێکی نوێ بەرهەم هێناوە کە بە جۆری Lenovo Think Center M79 ناسراوە، کۆمپیوتەرەکە لە یەك کاتدا سێ کەس دەتوانن بەکاری بێنن. خێرایی کۆمپیوتەرەکە خەیاڵییە، رامەکەی 32 گیگابایتە. هاردەکەی 6 ترابایتە و دەکرێ هاردی دیکەشی پێیەوە پەیوەند بدرێت. سیستەمی ریپید بۆتی تێدایە کە بەهۆیەوە دەکرێت لە چەند چرکەیەکدا کۆمپیوتەرەکە بێتە سەر ویندۆز. هەروەك ئاماژە درا سێ کەس دەکرێت لەسەر کۆمپیوتەرەکە کار بکەن و لەهەر بەشێکیشیدا پرۆگرامی تایبەت بەو بەشە دابندرێت، واتە سێ کۆمپیوتەر بێت لە یەك کۆمپیوتەردا.

## ئاگاداركردنەوەیەک لەبارەی ویندۆز8ەوە



هەروەك ئاگادارن نوێترین و بەهێزترین ڤێرژنی ویـــندۆزی کۆمپانیای مایکرۆســـۆفت کە لەم ماوەیـــەدا کەوتە بازاڕەوە ویـــندۆز8ە، زۆر جاران هەر لەو فایلەدا باسی کارایی و توانایی ویندۆز8 مان کـــردووەو لەگەڵ ویندۆزەکانـــی بەر لەخۆی بەراوردمان کـــردووە، خاڵە بەهێز و لاوازەکانیمان باس کردووە. ئەو کەسانەی کە نیازیان هەیە ویندۆز8 بەکار بێنن، لەبارەی سڕینەوەی فایلەکانیان زۆر هۆشیار بن.

لە ویندۆزەکانی پێشـــوودا هـــەروەك خۆتان دەتانزانی کاتێك فایلێکتان دەســـڕیەوە، بەرلەوەی فایلەکە بسڕنەوە، پەنجەرەیەك دەکرایەوە و ئاگاداری دەکردیەوە کـــە ئایا نیازت هەیە ئەو فایلە بســـڕیەوە یـــان نەخێر، کە دەکرا لە کاتی پەشـــیمان بوونەوەدا دوگمەی نەخێر دابگریت، بەڵام لە ویندۆز8دا ئەو ئاگاداركردنەوەیە نایەت و دەســـتبەجێ فایلەکە دەسڕێتەوە. ئەو تایبەتمەندییە بۆ ئەوانەی دەزانن چ بســـڕنەوە باشـــە، بەڵام ئەوانەی کە نازانن پێویستە ئەو هەنگاوانە بگرنە بەر، لەسەر ســـەتڵی فایلە فڕێدراوەکان کە لەسەر دیسکتۆپەکەتاندایە، دوگمەی لای راست دابگرن و ئەوکات فەرمانی -delete confirmation diälog o tionئەکتیڤ بکەن. ئیدی لەمەولا هەرکاتێك نیازتان هەبێت فایلێك بسڕنەوە ســـەرەتا وەك ویندۆزەکانی پێشوو پەنجەرەیەکی هۆشـــیارکردنەوە دەکرێتەوە، ئەوکات بەپێی ویستی خۆتان فایلەکە دەسڕنەوە یان نا.





## هـــەر جـــارەو وەڵامـــی پرسیارێک

یەکێك لـــە خوێنەرانمان ســـەرەڕای دەستخۆشـــی لە بابەتە ئایتییەکانی ناو گۆڤارەکە پرسیارێکی ئاراستە کردووین و دەپرســـێت، ئایا بـــۆ هەڵگرتنی داتا و فایلـــەکان بـــۆ ماوەیەکـــی زۆر واتە بۆ چەندین ســـاڵ دەکـــرێ لە DVD یا هاردی دەرەکی یا فلاش میمۆری سوود وەربگرین. کامەیان گونجاوترن؟

خوێنەری بەڕێـــز بەرلەوەی DVD یا هارد یا فلاش میمۆری وەك ئامرازێکی هەڵگرتنی داتاکان بێنە بەرهەم، فلۆپی دیسك هەبوو، کە قەوارەی هەڵگرتنەکەی کەم بوو، هـــەم تێکچوونیش لەودا زووتر رووی دەدا. دوای فلۆپـــی CDی هاتە بەرهەم کە هـــەم قەوارەکـــەی زیاتری لەخۆیدا جێ دەکردەوە و هەم تێکچوونی داتاکانیش کەمتر بوو، دوای ئەوە DVD و دواتر فـــلاش میمۆری و دواتر هارد. هەڵگرتنی داتاکان لە هارددا لە هەمووی باشـــترە، چونکە ئەگـــەری تێکچوونی کەمتـــرە. داتایەکـــی زیاتـــر لەخۆیدا هەڵدەگرێت. هەروەهـــا تەمەنی DVD یش زۆر کەمی مـــاوە و ئیدی لەمەولا کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی کۆمپیوتەر، شـــوێنی دانانی DVD لە کۆمپیوتەردا دانانێـــن. هەربۆیە فـــلاش میمۆری و هارد گونجاوتریـــن ئامرازی هەڵگرتنی داتاکانن.